هێنەری دەرد ..... پەتای ناو خەڵکی

هیوا درێژی

طول الأمل

پوخت کردن و وەرگێڕانی

پشتیوان حسن کرم

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

چاپی یەکەم ١٤٣٤ کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكی

الحمـد لله تعـالى المتــفرِّد بالكبريــاء. المنــزَّه عــن النــقائص والشُّرَكاء، والصَّلاةُ والّـسلام على سيِّد الأصفيــاء، وقُــدوة الأولياء، وعلى آلِهِ وأصحابِهِ سادةِ الأتـقياء. وبـعد:

برای موسڵمانم: دەبینی كە ساڵەكان تێپەڕدەبێ وتەمەنەكان دەڕوات! كەچی موسیبەت وبەڵای ئەم ڕۆژگارە دوایی نایەت!

برام: هەر ڕۆژێك كـە دێـت وتێپــەڕدەبێت چـەند وانـەو پەنـدو ئامۆژگاریەكی گەورەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووەو ئامادەی كردووە، بەڵام داخەكەم كێ لێی وەربگرێت وكێ لێی تێبگات؟!

وانەگەلێك كـە هـەموو ڕۆژێـك دێـت ودەڕوات... و ڕۆژگـارێكی پەندئامێز بەناوچەوانی زەمانەوە تۆماردەكرێـت، هەروەكو بڵێی بە مرۆڤ دەڵێت: بیخوێنەوە گەر تۆ پەند وەردەگریت وتێ دەگەیت!

برام: پێت ناڵێم، هەموو وانەو کارەساتێك بژمێرەو لەبەرکە لە ژیاندا! بەڵکو پێت ئەڵێم: ئایا کە بەڵاو نەهامەتیەك هاتووە بەسەرتدا پەندو ئامۆژگاریت لێ وەرگرتووە؟

برام: ئای ئەم مرۆڤە چەند هەژارو نەفامە، هـەموو ڕۆژێـك چاوی بەهیواو ئاواتەکانی هەڵدێت! وە بیری چۆتەوە کە هەرچی هەوڵ وتێکۆشان بکا تەنها ئەوەی بۆ بەدەست دێـت کـە بـۆی نووسراوەو دیاری کراوە!

خەون وخەیاڵی ئاڵتونی... ئاواتی نەبینراوی زۆر خۆش.... ئومێدی ئارەزوو لەزەت، کەچی هیچ نیە تـەنها قـەدەری خـوا نەبێت وبەویستی ئەو دانەبەزێـت!

خۆشەویستم لەبەر خوا: چەند ئومێدو هیوات هەیە کە لە دونیادا پەتی فیکرو خەیاڵ وبیرکردنەوەی خۆتت پێوە گرێداوە؟ وتەمەنی خۆتت لە پێناودا بەسەربردووە؟

برام: ئایا دەزانی ئەو نەخۆشیە کوشندەیە چیە؟ کە داناکان لە چارەسەرکردنیدا دەستەوسان ماون و زاناکان لە وەسف وباسکردنی شیفاو لابردنیدا زۆریان وتووە؟

برام ئەوە نەخۆشی (هیوا درێژیە) وا ئێستا بۆتی باس دەکەم:

پێشەوا قورتوبی دەڵێت: هیوا درێژی بریتیە لە سووربوون لەسەر دونیاو پاڵ پێوە دانی وپشت پێ بەستنی وخۆش ویستنی و پشتگوێ خستنی دوارۆژ وبیرلێ نەکردنەوەی.

پێـشـەوا ابــن حجــر دەڵێــت: بریتیــە لــە زێـدەخوازی و ئاواتەخوازی ئەوەی نەفس پێی خۆشەو حەزی لێیەتی لە تەمەن درێژی و ساماندارێتی.

پێشەوا قورتوبی دیسان دەڵێـت: هیـوا درێـژی بریتیـە لـە دەردێکی کوشندەو نەخۆشیەکی درێژخایەن! وە هـەرکاتێك لـە دڵدا جێی خـۆی کـردەوەو جێگیربـوو ئـەوا خـووی تێـك دەدات و چارەسەری سەخت وگران دەکاو وای لێ دەکا هەرگیز نەخۆشی لێی جیانەبێتــەوەو چارەســەریش ســوودی پــێ نەگەیــەنێت، بــەڵکو پزیشەکەکان دەستەپاچە دەکـاو داناکـان لەچارەسـەرکردنیدا بـێ ئومێدبوون.

خوێنەری خۆشەویست: خـوای گـەورە سەرزەنـشتی نـەیارو دوژمنەکانی کردووە بەوەی کە هیـوا درێـژن لـەدونیاداو هـەر ئەوەش وای لێکردوون کە پشت بکەن لە ڕێنمایی وڕێگای ڕاست.

خواى پەروەردگار بە پێغەمبەرەكەى دەفەرمويێت :

﴿ذَرْهُـــمْ يَـــأْكُلُوا وَيَتَمَتَّعُـوا وَيُلْهِهِـــمُ الأَمَـــلُ فَـــسَوْفَ يَعْلَمُونَ﴾{الحجر(٣)}

واتە: ئەى پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وازيان لىٚ بێنە با هەروەك ئاژەلٚ بۆ ماوەيەكى كـەم بخـۆن وڕابـوێرن! وهيـواو ئاواتەكانيـشيان سـەرگەرم وسـەرقاڵيان بكـات وبيانخـافلٚێنىٚ وتۆبەنەكەن ئەوجا بۆ دوايى دەزانن چييان پىٚ دەكەين.

وە خواى گەورە لە سەرزەنشتكردنى جولەكەكاندا دەفـەرمويێت ﴿وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ النَّاسِ عَلَى حَيَاةٍ وَمِنْ الَّذِينَ أَشْرَكُوا يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِ مِنْ الْعَذَابِ أَنْ يُعَمَّرَ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (٩٦) ﴾{البقرة}واتە: سوێندبىٚ بەخوا، دەبينى جولەكە لەهەلٚپە بۆ ژيانى ئەم دونيايە لەتەواوى

مەردم، بگرە لەو کەسانەش شەریك بۆ خوا دادەنێن، ســوورترو تامەزرۆترن! هــەرکام لەوانــە ئاواتــەخوازەو پێــی خۆشــە کــە هەزارســاڵ تەمــەنی هــەبێ وبــژی! خــۆ ئەگــەر ئــەو تەمــەن درێژەیشی بدرێتێ — کاتێ مردوو گەڕایەوە بۆ لای خوا- بــەو تەمەنە درێــژەی لەســزای خــوا دوور ناخرێتــەوە ورزگارنــابێ، خواش بەو کاروکردەوەی کە ئەوان دەیکەن زۆر بینایە.

برا وخوشــکی موســڵمان ویەکخواپەرســتم: ئایــا لەگەڵمــدا تووشی سەرسوڕمان نایەیت کە ئەو جــۆرە مرۆڤانــە بــەردەوام هیواو ئاواتیان بەرزیان دەکاتەوەو نزمیان دەکاتەوە، تا هەموو تەمەنیان دەخواو دەڕوخێنێ ورۆژگارەکــانی گــەنجی ولاوێتیــان دەبا کەچی ئاواتەکەیان بەسەوزی وتەڕی هەر ماوەتەوە!

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت

" لا يـزال قلـب الكبيـر شـاباً فـي اثنتـين: فـي حـب الـدنيا، وطول الأمل" {رواه البخاري ومسلم} واتە: بەردەوام دڵی کەســی بەتەمەن وبەساڵاچوو گەنج ولاوە بەخۆشەویستی دوو شتەوە: بۆ خۆشەویستی دونیاو هیوا درێژی!

وە هەروەها لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرموێت " يكبر ابن آدم ويكبر معه اثنان: حب المال، وطول العمر " {رواه البخــاري ومسلم}واتە: ئــادەمیزاد گــەورە دەبــێ و دووشــتیش لەگەڵیــدا گەورە دەبن، کە ئەوانیش: خۆشویستنی ماڵ وسامان و تەمەن درێژیە!

برام: ئایا نازانی کە هیوا درێژی هۆکارێك بووە بۆ بـەهیلاك بردن ولەناوبردنی زۆرێك لە ئوممەت وگەلەکان؟

وە ئایا دەزانی کە ئاواتی کورت ودونیانەویستی هۆکاوێکی سەرەکی بووە چاککردنی جیلی یەکــەمی ئــەم ئومەتــە(ڕەزای خوایان لیٚ بێت)؟ وا هەندێك لەنموونەو بەڵگەت بۆ ئەهێنمــەوە بۆ دڵنیاییت کە هیچ گومانێکی تێدانیە:

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت " صلاح أول هــذه الأمــة بالزُّهــدِ واليقــين! ويهلــك آخرهــا بالبخــل والأمل" {رواه أحمد في الزهد في الأوسط/ صحيح الجامع: ٣٨٤٥}.

واتە: چاکبوونی سەرەتای ئەم ئومەتە بە دونیانەویستی ویەقینە و خراپبوون وتیاچوونی کۆتاییەکەیشی بە ڕژدی وڕەزیلی وهیوا درێژیە!

هەندێك لە داناوپیاوچاکان وتوویانە " ئاگادرای هیوا درێژی بن چونکە هۆکاری تیاچوونی ئومەتەکانە"

لە ڕاســتیدا هیــوا درێــژی پەتێكــە لەپــەت وگوریــسەكانی ئیبلیسی نەفرەت لێكراو كە فڕێی دەداتە سەر ڕێگـای نـەوەی ئادەم ودەیگرێت ودەیكات بە كۆیلەو بەویستی خۆی فـەرمانی پێ دەكات (وەكو تینوویەك كە هەرگیز تینوێتی نەشكێت).

وە هەروەها وتوویانــە" هیــوا درێــژی دەســەڵاتی شــەیتانە بەسەر دڵە بێ ئاگاكانەوە".

فــضیلی كــوڕی عیــاض دەڵێــت " هیـــوا درێـــژی لـــە بەدبەختیەوەیەو ئاوات كورتیش لە خۆشبەختیەوەیە".

محمدی كوڕی واسع دەڵێت" چوار شــت لــە بەدبەختیەوەیــە: هیوا درێژی، دڵ ڕەقی، ووشك بوونی چاو(نەگریان)، ڕەزیلی".

ئەی ئەو كەسەی كە ئێستا ئەم دێڕانە دەخوێنیتەوە: چــەند ئومێدو هیوا لە ناخماندا هەیە وگەشەی پێ دەدەین؟ وە هــەتا

بێت زۆرتر دەبن و گەورە دەبن؟ ئایا تا ئێستا لێپرسـینەوەمان لەگەڵ کردوون وپرسیارمان لێکردوون؟ ئەی نەفس چیت دەوێت لەم هیواو ئاواتە درێژانە؟

ئایـا مەبەسـتت بـەو ئاواتانـە خـواو ڕۆژی دواییـە؟ یـان مەبەستت لێیان دونیاویستی ودڵخۆشکردنە بەم ڕۆژگارە کـاتی ودوابڕاوە؟

ئایا فێری نەفسی خۆمان کردووە کە مەرگ کتوپڕەو لەناکاو دێت؟ پێش ئەوەی ئاواتەکانت بـەدی بـێن دەڕۆیـت وبـەجێیان دێلیت؟ ئای نەفس چەندە بێ ئاگای؟!

لـە عبـدالله ی کـوڕی مـسعودەوە(ڕەزای خـوای لێ بێـت) دەڵێت: پێغەمبەری خـوا (صـلی الله علیـە وسـلم) هێڵێکـی چوارگۆشەی کێشا، وە هێڵێکی تری لەناو چوارگۆشەکەدا کێشا

بەرەو دەرەوە، وە چەند هێڵێکی کورت وبچووکی لـە لای ئـەو هێڵەوە کێشا کەلـە ناوەڕاسـتدایە لـەلای ناوەندیـەوەو پاشـان فەرمووی: (هذا الأنسان وهذا أجله محيط به –أو قد احاط بـه– وهـذا الـذي هـو خـارج أملـه، وهـذهِ الخُطَـط الـصِّغار الأعراض فإن أخطأهُ هذا نهشهُ هذا وإن أخطأهُ هذا نهشهُ هذا) {رواه البخاري} واتـە: ئـەمـە مرۆڤەو ئەوەش ئـەجەلیەتی کە دەوری داوە، وە ئەوەش کە بۆ دەرەوەیە هیواوئاواتەکانێتی، وە هێڵە کورتەکانیش ڕێگرەکانن جا ئەگەر ئەمەیان نەیگرت ئەوا ئەوەیان شکستی پێ دەهێنێـت وبەوشێوەیە.

عەونی کوڕی عبدالله دەڵێت: چەند داهاتوو ئاینـدە هەیـە کـە پێی ناگەیت وچاوەڕوانی سبەینێ دەکەی کە بۆت تەواو نـاکرێ ودەڕوا! ئەگەر ئێوە سەیری مەرگ وناخۆشیەکانی بکـەن ئـەوا ڕقتان لە هیواو ئاواتی دوور و درێژ دەبێتەوە.

ئای چەند پشتمان بەستووە بە خەیاڵە دوورەکان وپەتی بیروئەندێشەمانی پێوە گرێ دراوەو هەمیشە چاوەڕوانی بەدی هاتنی دەکەین، کەچی لەپڕ خۆمانیش دەڕۆین و تەنها کات کوشتن نەبێت هیچی بۆمان نەمایەوە، برام: باپێکەوە کەمێك بوەستین وهەڵوەستەیەك بکەین، ئایا خاوەن هیوا درێژەکان کەسیان گەیشتوون بە خەیاڵی خۆیان؟ خەونی بێ وێنەی خۆیان بۆ بەدی هاتووە؟ ئەو خەون وخەیاڵەی کە زۆربەی کاتی ژیانی خۆیانیان بۆ تەرخان کردبوو.

بەرێزەکەم: ئایا ئەگەر خاوەن خەیاڵەبڵاوەکان گەیشتن بە ئاواتی خۆیان ومەبەستی خۆیانیان بۆ دەستگیربوو، ئایا ئیتر مێشکیان بەتاڵ دەبێت لە خەیاڵ و قەناعەت دەهێنن؟ یان بیر لە هیواوئاواتێکی تر دەکەنەوە؟ دڵنیام وەڵامەکەی دەزانی.

شاعیریش دەڵێت:

عـومرت دووسەدبێ سێ سەدبێ، هەزار

لە ئەم دونیـایە دەرئـەچی نـاچـــــار

هەردوو یەك نرخـە، هەروەکـو یـەکــە

پاشای شـاران بـی یـا گــەدای بـــازاڕ

با مـوڵکـی تـۆبـێ مــیسرو ڕۆم وچیــن

لە ژێـر پێتا بـێ سـارای سـەرزەمـــین

بەشــی مــن وتــۆ هــەروەکـو یـــەکــە

دە گـەز کفنەو یەك دوو گـەز زەمیــــن!

برام: ئەوە نەفسی خۆتە وخۆتیش شارەزاترین کەسی پێی، لێی بپرسە وگومانی ئەوەشت پێی هەبێت کە ڕاستت لەگەڵ

ناكات، بەڵام برام ئەگەر بەڕاستی ئەگەر لێیپێچینەوە لەگەڵیدا بكەی ئەوا نەخۆشیەكەی دەتوانی دەست نیشان بكەی، وە ئەگەریش نەخۆشیەكەت زانی ئەوا چارەسەر ئاسانە...

برام: ئایا نابینی وهەستت پێ نەكردووە كە دڵ چەندە ڕەقی وتوندی باڵی بەسەردا كێشاوە؟ نە هەڕەشە دەیترسێنێ، نە پەیمانی خۆشیش چاكی دەكاو نەرمی دەكا، تەمەڵە گەر بانگ بكرێ بۆ عیبادەت وخواپەرستی، كەچی گورج وسووكە گەر بانگ بكرێ بۆ ئارەزووبازی!

برام: ئەوە نەخۆشی هیوا درێژیە! سەرۆك وگەورەی نەخۆشیەكانەو بانگكارو بانگخوازی ئارەزوو ڕابواردنە!

برام: خراپترین وترسناكترین نەخۆشی بریتیە لە هیوا درێژی، وە ئەوەش كە لەهیوا درێژیەوە لەدایك دەبێت وبەرهەم دێت

بریتین لە: تەمەڵی لە خواپەرستیدا، دواخستنی تۆبەو پەشیمانی، ویست وڕەغبەت بۆ دونیا، بیرچوونەوەی دوارۆژ، دڵ ڕەقی، چونکە نەرمی وچاکی دڵ پەیدادەبێت بەهۆی: یادکردنی مردن، بیرکردنەوە لە گۆڕ، وپاداشتی دوارۆژو سزاو تۆڵەو ناخۆشیەکانی ڕۆژی دوایی، وەکو خوای پەروەردگار دەفەرموێت ﴿فَطَالَ عَلَيْهِمُ الأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ﴾ واتە: زۆریان بەسەردا تێپەڕی ئەوسا دڵیان ڕەق بوو.

بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە کە هەموومان دڵنیاین کە مردن هەیە کەچی ئامادەسازی بۆ ناکەین وناترسین! وە دڵنیاین کە بەهەشت هەیەو کەچی کردەوەی بۆ ناکەین و سوورنین لەسەری! وە ئەزانین کە ئاگری دۆزەخیش هەیە کەچی لێی ڕاناکەین و ترسمان نیە! برام ئایا سەیر نیە کە تەمەنەکان دەڕواو هیواکان دوایی نایەن؟ هەموو ڕۆژێك ئاواتێکی هەیە،

هەموو مانگێك هەموو ساڵێك ئاواتی خۆی هەیە! ئا بەو شێوەیە خاوەن هیواکان لە گەشتێکی بێ کۆتایی هیوا و ئاواتدا دەژین!!

هەندێك لە داناو پیاوچاکان ووتویانە: چۆن دڵخۆش دەبێت بە دونیا کەسێك کە ڕۆژەکانی مانگی دەخوات و مانگەکانی ساڵ دەخوات و ساڵەکانی تەمەنی دەخوات و تەمەنەکەیشی سەری بەرەو مردن دەکێشێ؟

برام تۆ لەکوێی کاتە بەتاڵەکانتی؟

ئایا لە خواپەرستیدا بەسەری دەبەیت؟

یان بەدوای تراویلکەی(سەراب)ی خەیاڵ وئەندێشەی لەبن نەهاتوودا دەیگوزەرێنی؟

موعاویەی کوڕی قَرّة دەڵێت: توندترین وسەختترین لێپرسینەوە لە ڕۆژی دواییدا لەگەڵ کەسێکی ساغ وکات بەتاڵدایە.

خۆشەویستم لەبەر خوا: کەسی بڕوادار تەنها شتی جیددی وپەیوەست بە دوارۆژەوە سەرقاڵی دەکات. کەسی بڕواداری ڕاست هەمیشە لە تێکۆشان و بەربەرەکانێدایە لەگەڵ نەفسی خۆیدا.

خلیدی العصری دەڵێت: بڕوادار نابینی تەنها لە سێ شوێن وکاتدا نەبێت: لەمزگەوتێك کە خەریکی خواپەرستیە، یان لەماڵ کە دایدەپۆشێ، یان پێویستیەکی دونیای.

برام: ئایا دەزانی دونیانەویستی ڕاستەقینە کێیە؟

ئا ئەوە پێشەواو زانای ئەهلی سوننەیە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) پرسیاری لیٚ دەکەن چ شتێك زوهدە لە دونیادا؟ ئەویش دەڵێـت: هیوا کورتی! ئەوەی ڕۆژی لیٚ دەبێتەوە چاوەڕێی ئێوارە نەکات!

بەڕێزم: دڵی بڕوادار زۆر لەوە گرنگترە وبەنرخترە کە پەیوەستی بکەیت بە دونیاو پڕی بکەیت بەخەیاڵ وئومێدی دونیای بیٚ نرخ، بۆ ئەوەی تەمەنت لە دەست بچیٚ و وەئەگەر شتێکت چنگ نەکەوت تێیدا خەم وپەژارە دات بگرێت و بیٚ ئارام بیت.

پێشەوا ابن قیم دەڵێت: دونیا لە سەرەتایەوە تا کۆتاییەکەی یەکسان نیە بە غەم وخەفەتی ساتێك چ جای غەمی هەموو تەمەن!

چەند کەس هەبوون کە دونیایان کۆکردبووەوەو دابویان بەکۆڵدا وپێی دڵخۆش وبەختەوەربوون؟ بەڵام مردن لەناکاو هات وهیچ شوێنی نەکەوت تەنها کردەوەکەی نەبێت.

لەگەڵمدا گوێ بگرە بۆ ئەم وەسیەتە بەنرخەی هاوەڵی بەڕێز ابو الدرداء (ڕەزای خوای لێ بێت) ڕۆژێك لە مزگەوتی دمشق وەستاو دەیوت: ئەی خەڵکی دمشق ئایا گوێ ناگرن بۆ کەسێکی دڵسۆز بۆتان؟ ئەوانەی پێش ئێوە زۆر سامانیان کۆ دەکردەوە، وبینای توندوتۆڵ وبتەویان دروست دەکرد، وهیوا و ئاواتی دوور و درێژیان هەبوو، بەڵام کۆکردنەوەکەیان بوو بەزیان بۆیان و بیناکەشیان بوو بە گۆڕ بۆیان و هیواو ئاواتەکانیشیان هیچ دەرچوو سەری نەگرت! ئەوە گەلی عاد بوون کە وولاتیان پڕ کرد بوو لە کەس وکاری خۆیان و ماڵ

وسامان! جا ئەمڕۆ کێ پاشماوەکەیانم لێ دەکڕێ بە دوو درهەم؟!

خوێنەری چاکەخواز: ئایا پێم نالێیت کێ پێی ووتی کە دونیا شوێنی مانەوەی یەکجاریە؟ ئایا نابینی کە خەڵکی هەموو ڕۆژێك کۆچ دەکەن بۆ دونیای ڕاستەقینەی نەبڕاوە؟ ئەوە کێیە کە زۆر تەمەنی کردووە لەم دونیایەداو هەموو ئاواتەکانی بەدی هاتووە؟ ئایا وەسیەتەکەی پێغەمبەرت نەبیستووە (صلى الله عليه وسلم) کە شانی ابن عومەری گرت وپێی فەرموو " كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ " واتە: لەدونیادا وەکو کەسێکی نامۆ یان ڕێبوار بژی. رواه البخاري (٦٤١٦) .

وە ابن عمریش دەڵێت: گەر ئێوارەت بەسەردا هات چاوەڕێی بەیانی مەکە وە گەر ڕۆژت لێ بوویەوە چاوەڕێی ئێوارە مەکە!

پێشەوا ابن رجب دەڵێت: لەکاتێکدا کە دونیا بۆ مرۆڤی بڕوادار شــوێنی مانــەوەی هەمیــشەیی نیــەو نیــشتمانی جــێگیروو دامــەزراویش نیــە دەبێــت حــاڵی تێیــدا لــەم دوو حاڵەتــەدا دەرنەچێت: یـان ئەوەیـە وەکـو کەسـێکی نـامۆ(غریـب) کـە دانیشتووی وڵاتێکە لەدوور نیشتمانی خۆی هەموو خەم وبـیری کۆکردنەوەی توێشووە بۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خـۆی، وە یـاخود وەکو ڕێبـوارێکی بەڕێـدا تێپـەڕبوو کـە هـەموو شـەوو ڕۆژی بەڕێوەیە بەرەو وڵاتی نیشتەجێی خۆی، هـەر بۆیـە پێغەمبـەر وەسیەتی کردووە بۆ ابن عمر بەو شێوەیە بێت!

نصری کوڕی محمدی سەمەرقەندی دەڵێت: **ئەوەی هیواو ئاواتی کورت بێت خوای گەورە چوار بەخشـشی پـێ دەبەخـشێت وڕێزداری دەکات بە چوار خەڵات:**

یەکەم: بەهێزو توانای دەکـات لەسـەر خواپەرسـتی، چـونکە بەندە کە دەزانێت زوو بەم نزیکیـە دەمرێـت گـوێ نـادات بـە کاری ئایندەی دووری و هەمیشە کۆشش دەکات بـۆ پەرسـتش وزۆر کردنی.

دووەم: غـەم وپەژارەی کەم دەبێتەوە چونکە دەزانێت بە زووانە دونیا جێ دەهێڵێت.

سێیەم: وای لێ دێت بەکەم ڕازی دەبێت چونکە مادام دەزانێت بەم نزیکیە دەمرێت هەموو ئاواتی دوارۆژە.

چوارەم: دڵی پڕ نوور دەکات.

وە ئەوەشی هیوا وئاواتی درێژ بێت ئەوا خوا سزای دەدات بە چوار شت:

یەكەم: تەمەڵی لە عیبادەت.

دووەم: غەم وپەژارەی زۆر دەبێت لە دونیادا.

سێیەم: سووردەبێت لەسەر كۆكردنەوەی ماڵ وسامان.

چوارەم: دڵ ڕەقی دێتەبەرهەم.

خوشـــك وبـــرای موســـڵمانم: بـــا وەك ئـــەو پیاوچـــاك وبـــۆ خواصوڵحاوانە بین كە هەمیشە سەرقاڵی ناخی خۆیان بوون ولە پێناو ڕەزامەندی خوادا، شەو وڕۆژیان بەڕێ دەكرد:

زانایان دەڵێن: "العاقل يعتمد على عملِه، والغافلُ يعتمد على أملِه" واتە: مرۆڤی ژیر پشت دەبەستێت بەكردەوەكەی، بـەڵام كەسی بێ ئاگا پشت دەبەستێ بە هیواو ئاواتی!

ئووەیسی قەرەنی(ڕەحمەتی خوای لێبێت) پێیـان ووت: دونیـاو زەمان بەلاتەوە چۆنە؟ ئەویش ووتی: زەمان بەلای کەسـێکەوە چۆن بێت گەر ئێوارەی بەسەردا هات وا گومان دەبات کە ڕۆژی لێ نابێتەوە! وە گەر بەیانی لێ بوویەوە چاوەڕێی ئێوارە ناکات! نازانێت مژدەی ئاگری پێ دەدەن یاخود بەهەشت؟

هەندێ لە پێشینان ووتویانە: هەرگیز بەشـێوەیەك نەخـەوتووم کە چاوەڕێی هەستانی لێ بکەم(وام دەزانی دەمرم)!

جارێکیان محمدی کوڕی ئوبەی لەگەڵ مەعروفی کەرخی پێکەوە دەبن، کاتی نوێژ دێتە پێشەوەو بە **محمد** دەڵێـت فـەرموو بـڕۆ پێشەوە نوێژمان بۆ بکە، **محمد**یش دەڵێت: ئەگەر ئەم نوێـژەتان بۆ بکەم ئەوا نوێژی ترتان بۆ ناکەم(بە ئیمامەت)، مەعروفیش دەڵێت: ئایا تۆ خۆت واداناوە هەتا نوێـژێکی تـر بـە زینـدوو

بمێنت؟! پەنا بەخوا لە هیوا درێژی چونکە ڕێگرە لە کــردەوەی چاك.

براو خوشكی داوێن پاكم: نەفسی خۆت ڕابهێنە بە بیركردنــەوە بەشتی گــەورەو مـەزنــەوە، پەیوەســتی بكـە بەئاسمانــەوە، بــە قورئانەوە، تا وای لیٚ دیٚت ملكەچت دەبیٚ و كــەمترین زیانـت پیٚ دەگەیەنیٚت، زۆر نەفست بــشكیٚنە وگوێڕایــەڵی مەبــە، وە هەركە تاوانیٚكیشت كرد زوو پەشیمان بەرەوەو نەفــست لۆمــە بكــەو سەرزەنــشتی بكــە، بــۆ ئــەوەی ببــی بەیــەكیٚك لــە بەشداربووانی ئــەم ئایەتــە: ﴿يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ (٢٧) ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَرْضِيَّةً (٢٨) فَادْخُلِي فِي عِبَادِي (٢٩) وَادْخُلِي جَنَّتِي (٣٠)﴾ {الفجر}.

واتە: لەسەرەمەرگدا بەنەفسی ئیماندار دەوترێت: ئــەی گیــان وڕۆحی ئارام بەیادوزیكری خوا، بگەڕێوە بۆلای پــەروەردگارت،

ئاوا كە ڕازی كردبوویـت بەپاداشــتی خـۆی ولێـت ڕازی بــووە بەهۆی ئەوەی پێشی خۆتت خستووە لەكردەوەی چاك، دەبچۆرە ناو گیانی بەندە صالّحەكانمەوەو بچۆرە بەهەشتە ڕازاوەكەمەوە كە ئامادەم كردووە بۆت.

هیواو ئاواتیش دووجۆرە: یەكێكیان كورتەو سەرقاڵت ناكات لە پەرستن وڕۆژی دوایی، ئەم جۆرەیان تاوانی تێدانیە، بـەڵام ئـەو جۆرەكەی تریان درێژەو دوورت دەخاتەوە لەپەرستن ودەكەوێتـە نێوان تۆو بیركردنەوەو ئامادەســازی بــۆ ڕۆژی دوایــی ومــردن، ئەمەیان ڕێگە پێ نەدراوەو خراپە.

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الحَمْدُ للهِ رَبِّ العَالمَين، وصَلَى اللهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحمَّد، وَعَلَى آلِهِ وَصَحْبِهِ وَسَلَّم.